# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# بەکارخستنی سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە نێو نمایشی شانۆی کوردیدا - نمایشی (بوچی مر؟) بە نموونە

**بیار لویس یعقوب**

بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Bayar.yaqoob@su.edu.krd

**بلقیس علی الدوسکی**

بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

balkees.sheren@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە لێکدانەوەیەکـی ئەنترۆپۆلـۆژی سـومبولی بـۆ نمایشـێکی شـانۆیی ئەنجـام دەدات کـە لـە شـاری دهـۆک پێشـکەش کـراوە. لـە ڕێگـەی دۆزینـەوەی وەڵام بـۆ ئـەو پرسـیارەی کـە (ئایـا سـومبولە ئەنترۆپۆلۆژییـەکان چـۆن لـە نێـو نمایشـی شـانۆیدا بەکارهێنـدراون؟) بـە مەبەسـتی ئاشـکرا کردنـی ئـەو هێـما و کۆدانـەی کـە لـە نێـو نمایشـەکەدا بەگەڕخسـتراون و ڕەهەنـدی ئەنترۆپۆلۆژییـان هەیـە، لـە چوارچێـوەی تیـۆری ئـەم توێژینەوەیـەدا بـاس لـە چۆنیەتـی بەکارخسـتنی سـومبولەکان کـراوە لـە نێـو نمایـش و کاریگـەری تێگەیشـتن لـە سـومبولەکان بـە مەبەسـتی شـیکردنەوەی نمایشـی شـانۆیی لـە ڕووە تیۆرییەکەیـەوە، دوای شـیکردنەوەی نموونـەی توێژینـەوە، گرنگتریـن ئـەو ئەنجامانـەی کـە بەدەسـتهێندراون بریتیـن لـە:

١. ڕۆڵـی کەسایەتییەکان لـە نێـو نمایـش دا سـومبولین، کـە هـەر یەکێکیـان گوزارشـت لەهێمایەکـی نێـو کۆمەڵـگا و کەلتـووری کـوردی دەکـەن.

٢. هـۆکارە جۆراوجۆرەکانـی مـردن کـە خراونەتـەڕوو لـە نێـو نمایشـەکە دا، ڕەخنەنـەی سـومبولین لـە نۆرمەکانـی کۆمەڵـگا و دەرئەنجامـە کارەسـاتبارەکانی ئاڵنگارییـەکان یـان خۆگونجانـدن لەگـەڵ ژیانـی کۆمەڵایەتـی دا.

کلیلەوشەکان:سیمیۆلۆژیا-سومبول – ئەنترۆپۆلۆژیا- هێما-ئاماژە

**١. پەیڕەوی توێژینەوە:**

**١-١ گرفتی توێژینەوە:**

سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ئەو هێما و نیشانە و ئاماژانەن کە هەڵگری مانای کولتووری یا کۆمەڵایەتین، لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەندێک دیاردە لە ڕێگەی ڕوانگەی گەل و کولتوورە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێن. لە دەق و نمایشی شانۆییدا ئەم هێمایانە ئامرازگەلێکی گرنگن کە نووسەران و دەرهێنەران دەتوانن بەکاریان بهێنن بۆ ئەوەی ڕەهەند یا خەسڵەتی کولتووری دیاریکراو بە بەرهەمە هونەرییەکە ببەخشن، یاخود تیشک بخەنە سەر پرس و لایەنی جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی-دەروونی--سیاسی-ئابووری-فەرهەنگی..تاد، یاخود هەندێک کات چەمکە ئاڵۆز و شاراوەکان بە هێما بەرجەستە بکەن.

نمایشی شانۆیی دەکرێت لە چەندین ڕێگاوە ئاماژە و سومبولە کەلتوورییەکان لەخۆبگرێت، لە ڕێگەی دیالۆگ، یاخود چیرۆک و شێوازی داڕشتن و چنینکاری، یا جووڵەی ئەکتەر، سەرەڕای ئامرازەکانی دروستکردنی پانتایی شانۆیی وەک جلوبەرگ و سینۆگرافیا و موزیک...تاد.

نمایشی شانۆی کوردی، کە وەک بەشێک لە کەلتوور و فەرهەنگی کوردی، ڕۆڵی هەبووە لە بەکارخستنی هێما و سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، بەڵام تا ئێستا بە ووردی تیشک نەخراوەتە سەر شێوازی بەکارهێنان و بەکارخستنی ئەو سومبولانە لە نێو نمایشی شانۆیی دا، کە ئەمە وای کردووە کە نەتواندرێت خوێندنەوەیەکی فرەلایەنی کەلتووری سیمیۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی نمایشە شانۆییەکان بکرێت، کە ئەمەش وا دەکات کە زیاتر ڕەخنەکان بەرهەستی بن نەک پشتیان بەستبێت بە میتۆدێکی زانستی. بۆیە بە هەڵبژاردنی نموونەیەک کە بریتییە لە نمایشی شانۆیی (بوچی مر؟) تیشک دەخرێتە سەر ئەو سومبولە ئەنترۆپۆلۆژیانە و دەرخستنی ڕەهەندەکانیان لە نێو نمایشە شانۆییەکە دا؛ لە ڕێگای بەدواداچوون بۆ ئەو پرسیارەی خوارەوە:

ئایا سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان چۆن لە نێو نمایشی شانۆی (بوچی مر؟) دا بەکار هێندراون؟

**١-٢ ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکرا کردنی سومبولەکان لە نێو نمایشێکی شانۆی کوردی و لێکدانەوەی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ سومبولەکانی نێو ئەم نمایشە.

**١-٣ گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنان و بەکارخستنی سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە نێو نمایش و ئەو لێکەوتانەی کە لە ئەنجامی خوێندن و شیکردنەوەی ئەم سومبولانە دا بەدی دەکرێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ دەرهێنەر و نووسەر و ڕەخنەگرە شانۆییەکان، سەرەڕای گرنگی بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری ڕۆشنبیریدا کاردەکەن.

**١-٤ سنووری توێژینەوە:**

**١-٤-١ سنووری شوێنی:** هەرێمی کوردستانی عێراق – پارێزگای دهۆک.

**١-٤-٢ سنووری کاتی:** ٢٠١٣.

**١-٤-٣: سنووری بابەتی:** نمایشی شانۆیی (بوچی مر؟)

**٢- چوارچێوەی تیۆری:**

**٢-١ سومبول و ڕەهەندە کلتوورریەکان و بەکارخستنەکانیان لە نمایشی شانۆیی دا:**

لە بواری نمایشە شانۆییەکاندا، هێما و سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و شێوازی کارکردنیان زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت، جا لە ڕێگای سومبولە زارەکییەکان، یاخود لایەنە زمانەوانییە نازارەکییەکان بێت. لە ڕێگای ئەکتەر و سینۆگرافیا و مۆسیقا و کەرەستەکانی دیکەی نمایش. ئەم سومبولانە، ئەگەر بە وردی لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، بەوە دەگەین کە دەکرێت نمایشی شانۆیی لە دەرەوەی گێڕانەوەی ڕووکەش، پەردە لەسەر چینە شاراوەکانی واقعێکی پڕ لە هێما لابدات.

ڕۆلاند بارت Roland Barthes یەکێکە لەو سیمیۆلۆژییە دیارانەی کە لە ڕێگای نووسینەکانیەوە، تیشک دەخاتە

سەر مانا و لێکدانەوەی سومبولەکان، لێکدانەوەکانی بارت لە بواری سیمیۆلۆژیا و لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان و ماناکانیان، بە تایبەت لە تێگەیشتن لە ئەزموونی هێماگەری و سومبولەکانی شانۆدا، لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێت. لە کتێبی ئاڵنگارییەکانی سیمیۆلۆژیا "The Semiotic Challenge" ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە "نیشانەناسیی وامان لێدەکات لە چینە جۆراوجۆرەکانی مانا تێبگەین، بەو پێیەی کە فۆرم بریتییە لە تابلۆیەک لە سومبولەکان، بە جۆرێک کە هەر ووشەیەک بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە بۆی داندراوە دەکرێت مانا ببەخشێت" (Barthes, R. ١٩٨٨, ٨٦) لێکدانەوەی بارت جەخت لەسەر گرنگی نیشانەناسی و لێکۆڵینەوە لە هێما و سومبولەکان و چۆنیەتی گەیاندنی مانا دەکاتەوە. کاتێک دەڵێت فۆرم تابلۆیەکە لە هێماکان، وای دەبینێت کە هەر فۆرمێک، یان پێکهاتەیەک، کە بەری بکەوین، تەنها ڕێکخستنێکی هەڕەمەکی نییە بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکهاتەیەکی سومبولییە. لێکچوونی تابلۆ زیاتر ئەوە دەردەخات کە هەروەک چۆن نیگارکێشان ڕەنگی تایبەت هەڵدەبژێرن بۆ گەیاندنی هەست، پانتایی، یان بیرۆکە لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا، ئەوا ئەو جیهانەی کە بەری دەکەوین - یا بە شێوەیەکیتر، هەر کارێکی هونەری- فۆرمێکی سومبولی بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی مانا لە ئاستی جیاوازدا. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت ئەوە بوترێت کە فۆرمی هەر نمایشێکی شانۆیی لە ناوەڕۆک دا چەندین مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت. بە جۆرێک کە، هەر توخمێک- لە ڕووناکی، جلوبەرگ، دیزاینی شانۆ، تا جووڵە و کردەی ئەکتەرەکان- هەڕەمەکی نین، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی سومبولی هەژمار دەکرێن کە بەشدارن لە گێڕانەوە یان گەیاندنی پەیامی نمایشەکە. بە جۆرێک کە هەموو هەڵبژاردنێک، هەموو بڕیارێک، بۆ گەیاندنی پەیامێکی یا وروژاندنی هەستێکی یان پێشخستنی بینای درامی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەکرێت بە شێوەیەکی سومبولی لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەر لەم بارەیەوە ڕۆلان بارت جەخت لەوە دەکاتەوە کە "سومبول تەنها شێوە نییە، بەڵکو بوونێکی فرەڕەهەندە کە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵە کولتوورییە ئەفسانەییەکان لەخۆدەگرێت" (Barthes, R. 1972, p116) کە ئەم ڕوانگەیە جەخت لەسەر دەوڵەمەندی هێماکان لە شانۆدا دەکاتەوە ، کە هەر هێمایەک بارگاوی کراوە بە واتای مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سۆزداری، کە لە نێو ئەفسانەی میللەتەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەم دیدەوە نمایشی شانۆیی دەکرێت بە کۆمەڵێک سومبولی ئەنترۆپۆلۆژی سەیر بکرێت کە ئاراستەی بینەر دەکرێن لە دیدی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی ڕۆلان بارت دا، کە تێهەڵکێشی کۆمەڵە چینێکی جیاوازی واقعی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێو نمایشدا، کە نەک تەنها کەرەستەکانی نمایش دەگرێتەوە بەڵکو جەستەی ئەکتەریش وەک بەشێک لەو زمانە سیمیۆلۆژیە بەدی دەکرێت بەو پێیەی کە دەڵێت "ئاماژە و جووڵە لە وێنەکاندا بەشێکن لە دیالۆگێکی بێدەنگ، گەیاندنی هەستەکان و گێڕانەوەی نەوتراو بە جۆرێک کە مانا دروست دەکەن" (Barthes, R. ١٩٩١, p55) کە ئەمەش وردی ئەو سیمیۆلۆژییە دەخاتەڕوو لەو خوێندنەوەیەی کە زمانی جەستە و خوێندنەوەی تێکستە وێنەییەکان بە شێوەیەکی گشتی کە دەکرێت فرەڕەهەندی سیمیۆلۆژی بێت، کە ئەگەر دیالۆگ و گفتوگۆ بەشێک بێت لێی ئەوا کۆریۆگرافیای جەستە وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی نیشانەناسیی شانۆیی دەکرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەو پێیەی کە جووڵەکان لە خۆیاندا دەبنە هێما، باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مەبەستی کارەکتەرەکان دەخەنەڕوو. لە کاتێکدا ئەو لە دیدی نیشانەناسییەوە شانۆ وەک شیعرێک دەناسێنێت کاتێک دەڵێت "فەزای شانۆیی چوارچێوەیەکە کە هێماکانی لەسەر دەکێشرێن، کایەیەک کە لێکنزیکبوونەوەی نیشانەکان شیعرێکی بێنراوی لێ دروست دەکات، دیارترین نموونەش بۆ ئەمە دەقی ئۆدیبە" (Barthes, R. 1975, p44) لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەواوی جیهانی شانۆیی دەبێتە گۆڕەپانێکی یاری هێماکان، کە هەموو ژەست و باکگراوند و دیزاینێکی سێت بەشداری دەکات لە تابلۆیەکی ئاڵۆزی مانادا، کە پێکەوە لە ڕووی هێماسازییەوە دەکرێت خوێندنەوەیێکی بۆ بکرێت وەک چۆن هەر تێکستێک دەخوێندرێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە زمانی شانۆ زمانێکی فرەچەشن و گشتگیرە و دەکرێت هەر کایەیەک لە کایەکانی وەک ئاماژە

و سومبول و هێمایەک بەکاربهێندرێت بۆ گوزارشت کردن لە ناوەڕۆکی دیکەدا، کە تیایدا نمایش نابێت بە چەقی کارەکە بەڵکو ئەو مانایەی کە لای بینەر دروستی دەکات تەواوکەری سەرەکی بەرهەمە شانۆییەکەیە. بە جۆرێک کە لە ڕێگای بەشداریکردنی چالاکانەی بینەر دەگاتە لوتکە، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە "سیمیۆلۆژیا سیمایەکە لە سیماکانی زمانەوانی، بۆیە وەرگر وەک لە هەر سیستەمێکیتر دا ئەو تابلۆ ڕەمزییە شیدەکاتەوە کە لە نێو نمایشەکەدا تواوەتەوە" (Barthes, R. 1964, p72) بارت بە زەقکردنەوەی ڕۆڵی بینەر کە بە کرۆکی هەڵدانەوەی چینەکانی هێماکان و دروستکردنی مانا دەیناسێنێت، بە جۆرێک هەر نمایشێک بە دەرکی بینەرەکانەوە مانای پێ دەبەخشرێت، کە ڕەنگدانەوەی لەگەڵ پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سۆزداری خۆیاندا هەیە.

لێکۆڵینەوە لە نیشانە و هێماکان وەک هەڵگری مانا بە تێڕوانینەکانی (ئیمبێرتۆ ئیکۆ Eco, U )، ئاماژەی بەوە داوە کە چۆن نیشانە و هێماکان دینامیکیەت و کاریگەری قووڵیان لە ناو ژیان بە شێوەیەکی گشتی و بە دیاریکراویش لە نێو نمایشی شانۆییدا هەیە. ئەو پێی وایە کە چەمکی نیشانە و هێماکان وەک پێکهاتەی دانەبڕاوی پەیوەندیکردن لەناو نمایشێکدا بەدی دەکرێن، بۆیە شانۆ وەک ئاوێنەیەک وێنا دەکات کە سیستەمی نیشانە جۆراوجۆرەکانی لەنێودا کۆدەبنەوە، دیالۆگێکی فرەچین دروست دەکات کە پەیوەندی ئەکتەر و بینەردا ڕێکدەخات. ئیکۆ دەڵێت کە "لە نێو نمایشی شانۆییدا تەنها جەخت لەسەر شێوەی پەیامەکان ناکرێتەوە، بەڵکو جۆری دەربڕینە جیاوازەکانیش کاریگەری هەیە لەسەر دەرککردنی ئیستاتیکی نمایش" (Eco, U. 1972, p222) تێڕوانینەکەی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هەموو ئاماژەیەک، هەر هەڵبژاردنی جلوبەرگ، هەر دیزاینی سێتێک نیشانەیەکە کە لەناو تۆڕێکی نیشانەیی گەورەتردا کارلێک دەکات. ئەم نیشانانە هاوکاری دەکەن بۆ دامەزراندنی دیالۆگێک کە زمانی قسەکردن تێپەڕێنێت، بەڵکو زمانی شانۆیی هەست و سۆز و پەیوەند و دەنگدانەوە بابەتییەکان لە ڕێگای فرەیی سومبولەکانەوە دەگەیێنێتە بینەر، کە ئەمانە پێکەوە بەهای ئیستاتیکی دروست دەکەن. چوارچێوەی تیۆری ئیکۆ بەدواداچوون بۆ دینامیکییەتی نێوان نیشانە و هێماکان دەکات "جا چ هێماکان زارەکی بن یا نازارەکی" (Eco, U. 1972, p203) بۆیە لە نێو نمایشی شانۆییدا سومبولەکان دیالۆگ – بە مانا فراوانەکەی- لەگەڵ بینەران دەکەن بۆ ئەوەی قووڵببنەوە لە چینە جیاوازەکان بە مەبەستی دروست کردنی مانا، ئەزموونی مرۆیی کە لە هەر نمایشێکدا تواوەتەوە لە ڕێگای سومبولەکانەوە شیدەکرێتەوە. کارەکانی ئیکۆ جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەنەوە کە نیشانەناسیی شانۆیی وەک کلیلی کردنەوەی مانا شاراوەکان لەناو نمایشێکدا کاردەکات. ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە بە تێگەیشتن لە زمانی نیشانە و سومبولەکان، بینەران دەتوانن لە ڕەهەندە قووڵەکانی گێرانەوە و چنینکاری بوارە جیاوازەکان بە گشتی و بە تایبەتتر نمایشی شانۆیی بگەن، پەیوەندییەک لە ئاستێکی بەرزتر بە کارەکتەر و بابەتەکانەوە ئەزموون بکەن. ئەو لە کایەی نیشانەناسیی شانۆدا گۆڕانکاریخوازانە بووە، چینە قووڵەکانی پەیوەندی و مانا لەناو نمایشەکاندا ئاشکرا کردووە. تێڕوانینەکانی ئەو تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن نیشانە و هێماکان وەک دیالۆگێکی گشتگیری دینامیکی کاردەکەن، دیالۆگێک کە تەنها ووشە و دەربڕین ناگرێتەوە، بەڵکو دیالۆگێکی هەمەچەشن و فرەچین.

(کیر ئیلام) لە کتێبی (سیمیۆلۆژیای شانۆ و دراما) کە تیایدا لە تۆڕی ئاڵۆزی شیکاری نیشانەیی لەناو کایەی نمایشە شانۆییەکاندا قووڵ دەبێتەوە. ئیلام لە ڕێگەی نووسینەکانیدا، پەردە لەسەر چینە فرەلایەنەکانی سومبولەکان و دەرککرنیان دەخاتەڕوو، کە لەناو ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆییدا چەسپاون، ئەو چۆنیەتی بەکارخستنی سومبول و هێما و شێوازی کارکردنیان لە شانۆ دەخاتەڕوو. ئیلام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سومبولەکان تەنیا توخمێکی بێزراو نین بەڵکو بە "هەڵگری چڕبووەوەی مانا" (Elam, K. 1987, p23) دەیانناسێنێت. ئەو تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن هێماکان چینەکانی گرنگی کولتووری و مێژوویی و دەروونی لەخۆدەگرن بۆیە دەرکی ئێستاتیکی بێزراوی کاتی تێدەپەڕێنن. ئەم

تێڕوانینە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکات کە هەموو لایەنەکانی بەرهەمێکی شانۆیی، لە جلوبەرگ و دیالۆگ و جووڵەی ئەکتەر تا دیزاینی سێت و ئاماژەکان، بەشدارن لە تابلۆیەکی نیشانەیی فراوان کە پێکەوە دەبن بە سومبول و زمانی نمایشی شانۆیی پێکدەهێنن.

**٢-٢ جەستە وەک ئاماژەیەکی سیمیۆلۆژی:**

لە نمایشی شانۆییدا، توانای جەستە بۆ گەیاندنی گێڕانەوەی هەست و بیرۆکە ئاڵۆزەکان لە دەرەوەی پەیوەندی زارەکی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. جەستەی مرۆڤ ڕەگ و ڕیشەی لە سیمیۆتیک، لێکۆڵینەوە لە نیشانە و هێماکاندا هەیە، بە هەمان شێوە وەک ئامرازێکی پەیوەندی نازارەکی لەسەر تەختەی شانۆ کاردەکات. لە ڕێگەی ئاماژە و جووڵە و دۆخی جەستەوە، ئەکتەرەکان کۆنتێکستە کولتوورییەکان و نەوتراوەکانی دەق دەگەیەنن کە ئەمەش قووڵایی لە تێگەیشتن و زیندویی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بینەر دەبەخشێتە نمایشە شانۆییەکە. ئیلام جەخت لەوە دەکاتەوە کە "جەستە دەبێتە سومبولێک بە مەبەستی گەیاندنی هەست و پێگە و پەیوەندییەکان" (Elam, K. 1987 p137) بە جۆرێک کە گرنگی ئاماژە و جووڵەکان لە بە سیمبول کردنی جەستە، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەربڕینە فیزیکییەکان مانا ئاڵۆزەکان دەگەیەنن کە لە ئاستێکی قووڵدا ڕەنگدانەوەیان لەگەڵ بینەرەکاندا هەیە، بەو پێیەی کە لە چوارچێوەی نمایشی شانۆدا، ئەکتەر وەک سومبولێکی دینامیکی جووڵاو و زیندوو لە چەقی نمایشی شانۆییدا بەدی دەکرێت ، بە جۆرێک کە ئەکتەرەکان پێگەیەکی ناوازە وەک هێمایەک وەردەگرن کە مانا دەبەخشن و لەگەڵ چینە جیاوازە سومبوولیەکاندا مامەڵە دەکەن، گێڕانەوەی ڕووکەش تێدەپەڕێنن بۆ گەیاندنی تێڕوانینێکی قووڵ سەبارەت بە ئەزموونی مرۆڤ، بە شێوەیەک کە بوونی فیزیکی ئەکتەر لەسەر شانۆ، کۆمەڵێک هێمای کولتووری بێشومار بەرجەستە دەکات، ئەمەش وای لێدەکات کە ببێتە ڕێڕەوێکی هەرە سەرەکی بۆ نوێنەرایەتی سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکان وەک ڕیچارد شێشنر لە کتێبی "تیۆری ئەدای کارکردن"دا ئاماژەی پێکردووە، کە ئەکتەر "دەبێتە نیگارکێشی سومبول و ئاماژە و دەربڕینە کولتوورییەکان لە نێو نمایشی شانۆییدا، وەک ئەو میراتە وێنەییەی کە لە ئەشکەوتەکانی مرۆڤی سەرەتایی بۆمان ماوەتەوە" (Schechner, R. ١٩٨٨, p٥٤) هەموو جووڵە هەر ئاماژەیەک بە واتا کولتوورییەکان دەبەسترێتەوە بەو پێیەی کە هەر نمایشێک بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانەوە دەبەستێتەوە، تێبینییەکەی شێشنر جەخت لەسەر توانای ئەکتەر دەکاتەوە بۆ گەیاندنی سومبولی کولتووری ئاڵۆز، وەک پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەردەمە مێژووییەکان و تەنانەت ئایدۆلۆژیا باوەکان، گشت ئەو دەرک و بیرکردنەوانە بە ڕێگایەکی فیزیکی لەسەر تەختەی شانۆدا گوزارشتی لی دەکات. جەستەی ئەکتەر، لە ڕێگەی وێناکردنی بە مەبەست، دەتوانێت تەواوی دیمەنێکی کولتووری بورووژێنێت، بەمەش بەشداریکردن و تێگەیشتنی بینەر لە نمایشەکە قووڵتر بکاتەوە.

لە نێو نمایشی شانۆییدا، توانای ئەکتەر بۆ گۆڕانکاری بۆ کارەکتەری جۆراوجۆر، یەکێکە لە دیارترین تواناکانی ئاکتەر بۆ گوزارشتکردنی سومبولی. ئێلینۆر فۆکس لە کتێبی "مەرگی کارەکتەر"دا پێی وایە کە "ئەکتەرەکان هێمای شڵەژانی ناسنامەن، ئەو ڕۆڵە بێشومارانە پێشکەش دەکەن کە مرۆڤەکان تێیدا نیشتەجێن" (Fuchs, E. 1996, p72) ئەم گۆڕانکارییە ڕەمزییە نەک هەر ڕەنگدانەوەی سروشتی دینامیکی بوونی مرۆڤە بەڵکو هانی بینەران دەدات بۆ بیرکردنەوە لە ڕۆڵ و کەسایەتییەکانی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا، تێڕوانینی فۆکس جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەکتەر دەکاتەوە وەک ئاوێنەیەک کە ڕەنگدانەوەی فرەلایەنەکانی شوناسی فرەڕەهەندی مرۆڤە. ئەکتەرەکان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی کارەکتەرە جیاوازەکانیانەوە، تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی سروشتی مرۆڤ و ئاڵۆزی نێوان تاکەکان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکەیان، کە توێژەر وا لێکدانەوە بۆ ئەم رایە دەکات کە ئەکتەر پیویستە کە جگە لە تێگەیشتنی دەروونی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەرکێکی ئەنترۆپۆلۆژیشی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵەکەی بە شێوەیەکی باش بەرجەستە بکات، بەو پێیەی کە لە بواری شانۆدا، ئەکتەر لە نمایشکاری سادەدا تێدەپەڕێت؛ بەڵکو زیاتر وەک سومبولێک دەردەکەوێت کە ڕەهەندە کولتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت.

**٣-٢ سـومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکانـی دیالۆگـی زارەکـی و نازارەکـی:**

سـەرەڕای ئەکتـەر؛ دیالـۆگ پێگەیەکـی گرنگـی لـە دەرەککردنـی سـیمیۆلۆژی بـە تایبـەت لـە ڕووە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیـدا لـە نێـو هونـەری شـانۆ دا هەیـە ، بـە جۆرێـک کـە دیالـۆگ لـە دیـوی سـیمیۆلۆژیادا تەنهـا گفتوگـۆی زارەکـی ناگرێتـەوە، بەڵکـو دیالـۆگ مانایەکـی فراوانـتر وەردەگرێـت بـە جۆرێـک کـە دیالۆگـی بیسـتراو؛ بەشـێکە لـە دیالۆگـە بیـنراو و هەسـتپێکراو لـە زمانـە فرەڕەهەندییـە سـیمیۆلۆژیەکەی شـانۆدا، بـە شـێوەیەک کـە ئیلام چەمکـی دیالـۆگ لـە دەرەوەی وشـەی قسـەکراو بـاس دەکات، بـە جۆرێـک دەینینێـت کـە "دەرککردنـی دیالۆگـەکان دەتوانـن زارەکـی یـا بیـنراو بـن، لەگـەڵ سـومبولەکان کـە بەشـداری گفتوگۆیەکـی بێدەنـگ دەکـەن کـە پـەرە بـە گێڕانـەوەکان دەکـەن، بـە تایبـەت لـە گێڕانـەوەی ڕۆڵـە کۆمەڵایەتـی و ئاماژەییەکانـدا، لـە ڕێگـەی چوارچێوەیەکـی سـیمیۆلۆژیی نازارەکـی" (Elam, K. 1987, p176) ئـەم دیدگایە ئـەوە دەردەخـات کـە چـۆن سـومبولەکان ، بەشـدارن لـە دینامیکیەتـی دروسـتکردنی مانـاکان، تێگەیشـتنی بینـەر بۆچـین و ئاسـتە جیاوازەکانی نمایش دەوڵەمەنـد دەکەن. بۆیە دەکرێـت کـە بوترێـت کـە نمایشـە شـانۆییەکان تابلۆیەکـی ئاڵـۆزە کـە نـەک تەنهـا بـە دیالۆگـی قسـەکردن بەڵکـو بـە زمانـی وردی ئامـاژە و دەربڕیـن و جووڵـە تواوەتـەوە. ئـەم یارییـە دینامیکییـەی نێـوان پەیوەنـدی زارەکـی و نازارەکـی، جەوهـەری چیرۆکگێڕانـی شـانۆیی پێکدەهێنێت،هانـی بینـەر دەدات بـۆ شـیکردنەوەی چینـە نەوتراوەکانـی مانـا، بـە جۆرێـک کـە خوێندنـەوەی سـومبولە شـانۆییەکان، هـاوکارە بـۆ ڕۆشـنکردنەوەی ئـەو کارلێکانـەی کـە ژیـان دەبەخشـێت بـە نمایشـەکاندا.

هەماهەنگـی نێـوان دیالۆگـە وتـراوەکان و زمانـی نازارەکـی لـە نێـو نمایشـی شـانۆیی هاوشـێوەی سـەمایەکی دانسـقەی کۆریۆگرافـی دەبێـت بـە جۆرێـک کـە گشـت ڕەگـەزەکان دەبنـە تەواوکـەری یەکـتر بـۆ دروسـتکردنی تابلۆیەکـی شـانۆیی، کـە لـەم بـارەوە ڕیچـارد شێشـنر دەڵێـت، "یاریکـردن لـە نێـوان وشـە و ئامـاژەکان سـەمفۆنیای پەیوەندیکـردن دروسـت دەکات، کـە هـەر توخمێـک ئـەوەی دیکـە تـەواو دەکات" (Schechner, R. 2006, p132) ئـەم دیـدە بـۆ پانتایـی درامـی دەرەککردنـی هونـەری شـانۆ فراوانـتر دەکات، ڕێگـە بـۆ دەرهێنـەر خـۆش دەکات کـە سـنووری دیاریکـراوی وشـە تێپەڕێنێـت؛ بـۆ ئـەوەی پەیامەکـەی بـە زمانێکـی فراوانـتر دەرببڕێـت لـە ڕێگـەی سـومبولە نازارەکییـەکان، تێبینییەکـەی شێشـنر تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە چـۆن زمانـی نازارەکـی وەک تەواوکـەری دیالۆگـە زارەکییـەکان کاردەکات، کاریگەرییەکانـی پەیوەندیکـردن لـە نێـوان بینـەر و نمایـش چڕتـر دەکاتـەوە. بـە جۆرێـک کـە وشـە و کـردارەکان دەبنـە ئاوێتەیەکـی جیانەکـراوە، گێڕانەوەیـەک دەبەسـترێتەوە بـە جووڵـە و پانتایـی کـە بـە قووڵـی لەگـەڵ هەسـت و هـۆش و هـزری بینـەر گفتوگـۆ دەکات.

زمانـی نازارەکـی کـە زۆرجـار وەک کۆدێکـی بێدەنـگ سـەیر دەکرێـت، خاوەنـی تایبەتمەندێکـن بـۆ تێپەڕاندنـی سـنوورە زمانییـەکان. ڤیکتـۆر تۆرنـەر لـە کتێبـی "لـە سرووتـەوە بـۆ شـانۆ: جددیەتـی مرۆڤـی یـاری" دووپاتـی دەکاتـەوە کـە "ئامـاژە و جوڵـە زمانێکـی سـومبولی گشـتگیر دروسـت دەکـەن لـە نێـوان پایـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگادا، کۆدێـک کـە بەربەسـتە کولتوورییـەکان تێدەپەڕێنێـت" (Turner, V. 1982,p74) ئـەم کـۆدە پـڕە لـە هێماسـازیی کولتـووری، ڕێگـە بـە ئەکتـەرەکان دەدات هەسـت و پەیوەنـدی و چوارچێـوەی کۆمەڵایەتـی بگەیەنـن جـا ئەگـەر دیالۆگـی زارەکـی بەکاربهێنـن یاخـود نـا. تێڕوانینـی تۆرنـەر جەخـت لەسـەر سروشـتی گۆڕینـی پەیوەنـدی نازارەکـی دەکاتـەوە بـۆ کۆدێـک کـە سـنوورە زمانەوانییـەکان تێدەپەڕێنێـت. ئـەم کـۆدە دەبێتـە پردێـک کـە بینـەرە جۆراوجـۆرەکان بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، بانگهێشـتیان دەکات بـۆ بەشـداریکردن لـە زمانـی گشـتگیری دەربڕینـی مـرۆڤ. ئـەم ئاوێتـە بوونـە بریتییـە لـە بەرجەسـتەکردنی دەقێکـی نـووسراو و گۆڕینـی بـۆ بینـدراو، یاخـود دەرەککردنێکـی تیـۆری بـۆ پراکتیزەکـردن، وەک چـۆن ئـان بـۆگارت کـە دەڵێـت، "ئەرکـی ئەکتـەر ئەوەیـە کـە نەوتـراوی دەق بگۆڕێـت بـۆ ئەزموونێکـی بەرجەسـتەکراو، کۆدێـک دروسـت دەکات کـە قسـە لەگـەڵ دڵ بـکات" (Bogart, A. and Landau, T. 2007, p89) ئـەم گۆڕانکارییـە توێـژەر وا خوێندنـەوەی بـۆ

دەکات کە بریتییە لە هێنانە ناوەوەی ئاماژە نازارەکییەکان بۆ بەرجەستەکردنیان لەسەر دەختەی شانۆ کە ئەمەش پێویستی بە دەرککردنێکی فرەلایەنەی کۆمەڵگا و ئەدەب و بوارە جیاوازە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی پێویستە.

**٤-٢ تەکنیک و سیمیۆلۆژیا نازارەکییەکان:**

پەیوەندییە نازارەکییەکان زۆر جار لە ڕێگای لایەنی تەکنیکی وەک جلوبەرگ و ماکیاژ لە لایەن دەرهێنەرانەوە بەکار دەهێندرێت؛ بەو پێیەی کە لە بواری هونەری شانۆدا، توخمە بینراوەکانی جلوبەرگ و ماکیاژ تەنیا هۆکاری ڕازاندنەوە نین؛ بەڵکو زیاتر وەک سومبوولە جووڵاوەکان دەردەکەون کە لەناو تابلۆی چیرۆکگێڕاندا تواوەونەتەوە، جلوبەرگ و ماکیاژ لە زۆربەی کاتەکاندا هێمای قووڵن کە سیفەتی کارەکتەری و زەمینە کۆمەڵایەتییەکان و هەستە سۆزدارییەکان دەگەیەنن. پێگەی جلوبەرگەکان بوونی ماددی خۆیان تێدەپەڕێت؛ ئەوان دەبنە هێمای بەهێز کە ناسنامەی کارەکتەر و ڕەهەندە کولتوورییەکان لەخۆدەگرن، وەک ڕیچارد شێشنر ئاماژەی پێدەکات "جلوبەرگەکان گۆڕانکارین، ڕێنوێنی ئەکتەر دەکەن بۆ ناو دڵی واقیعی کارەکتەرەکە" (Schechner, R. 1993, p76) بۆیە جلوبەرگ لە هەندێک کاتدا هەڵگری چەندین خەسڵەتن کە ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەیان بکۆڵدرێتەوە ئەوا دەبنە هەڵگری چەندین مانای کۆمەڵایەتی کە لە واقعی کەلتووری ئەو کاراکتەرە وەرگیراون و وەک پردێکن لە نێوان ئەکتەر و جەوهەری کارەکتەرەکەدا کاردەکەن. هەڵبژاردنی قوماش و ڕەنگ و دیزاین، و زۆر جار گوزارشت لە قۆناغی مێژوویی کارەکتەرەکە و پێگەی کۆمەڵایەتی و ململانێ ناوەکییەکان دەکەن ، ئەمەش دیالۆگێکی بیناو دروست دەکات کە دەکرێت گفتوگۆیەکی نازارەکی لەگەڵ بینەر ئەنجام بدات. بەو پێیە بێت جلوبەرگ وەک سومبولی بیناوی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئاوێنەیەک بۆ کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکان لەناو گێڕانەوەی شانۆدا دەبن. ئێلینۆر فۆکس لە کتێبی "مەرگی کارەکتەر: دیدگاکان بۆ شانۆ دوای مۆدێرنیزم"، تێبینی دەکات کە "جلوبەرگ دەبنە نیشانەی بنیاتەکانی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی عادەتەکانی ئەو سەردەمە" (Fuchs, E. 1996, p155) ئەو جلوبەرگە کە کارەکتەرەکان لەبەری دەکەن، زۆربەی کات گوزارشتە لە چین و پیشە و تەنانەت بیرکردنەوەکانی کاراکتەر ، چینەکانی شرۆڤەی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک کە جلوبەرگەکان ئامانجی تەکنیکی خۆیان تێدەپەڕێنن، دەبنە ئامرازی گوتاری کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی.

ئەنتوانین ئارتۆ لە کتێبی شانۆ و هەمبەرەکەی سەبارەت بە ماکیاژ پێی وایە کە "دەیان هەزار گوزارشتی دەمووچاو لە شێوەی ماسکدا دەکرێت بکێشرێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەین بەو زمانە سومبولەیەی هونەری شانۆ" (Artaud, A. 1958, p94) قسەکانی ئارتۆ پەردە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ماکیاژ وەک سومبولێک بۆ جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان باس دەکات، ئەو پێی وایە کە ماکیاژ چ سرووشتی بێت یا وەک ماسکێکی ماسوولکەیی بۆ دەم و چاو دروستکرابێت، وەک ئاوێنەیەک کاردەکات کە ڕەنگدانەوەی ئەو گێژاوە، خۆشی، یان ئازارە دەبێت کە لە ژێر ڕووی کاراکتەرکتەردا، هەستەکان بەرجەستە دەکات. لە نێو جیهانی دروستکراوی نمایشی شانۆییدا، ڕووناکی و تاریکی ڕۆڵی تەکنیکی خۆیان تێدەپەڕێنن و دەبنە توخمێکی سەرەکی کە گێڕانەوە و مانا دەردەبڕن هاوکات لەگەڵ ڕۆڵە سەرەکییەکەیان کە بینین و جەختکردنەوەیە لەسەر شوێنەکان، بە جۆرێک کە هەندێک کات تەکنیکی سێبەر و ڕووناکی و تاریکی هێمای قووڵ بەرجەستە دەکەن، سەمفۆنیای هەستەکان ڕێکدەخەن و نەگوتراوەکان دەهۆننەوە. بەو پێیەی کە ڕووناکی شانۆیی گرنگێکی سومبولی و نیشانەیی هەیە لەسەر تەختەی شانۆدا. ڕۆڵی ڕووناکی شانۆیی تەنیا بینین تێدەپەڕێت؛ ڕیچارد شێشنر تێبینی ئەوە دەکات کە "ڕووناکی دەبێتە فڵچەی هونەرمەند، کە وردەکارییە دراماتیکییەکانی نمایشەکە زەق دەکاتەوە" (Schechner, R. 1973, p102) دیزاینی ڕووناکی ئاماژەکانی گێڕانەوە دروست دەکات، تیشک دەخاتە سەر ساتەوەختە گرنگەکان و داینامیکی کارەکتەرەکان، بە جۆرێک کە هەڵبژاردنی بەهێزی و ڕەنگ و ئاراستە دەبێتە ڕێبەرێک بۆ بینەر کە ئاڕاستەی دیدی ئەو دەکات. خۆ ئەگەر ڕووناکی ئەو کاریگەرییەی هەبێت ئەوا دیوەکەیتر کە تاریکییە ڕۆڵەکەی کەمتر نابێت لە ڕووناکی، بە

جۆرێـک کـە لـە زۆر کاتـدا وا وەسـف دەکرێـت کـە "تاریکـی هێـمای مەتەڵەکانـی بوونـی مرۆڤـە، ئـەو نادڵنیاییـەی کـە لـە دەرەوەی کایـەی ڕووناککراوەدایـە" (Bennett, S. 1997, p64) بـە جۆرێـک کـە ئـەو ئەزموونکارانـەی شـانۆ تاریکـی بـە چەقـی سومبولە مرۆییـەکان دەبینـن لـە نێـو شانۆدا کە ڕەگ و ڕیشـەیەکی ئەنترۆپۆلـۆژی دەبەخشرێتـە ئـەو لایەنـە تاریکـەی کـە مـرۆڤ لـە سـەردەمانێکی زووەوە هەڵیگرتـووە. سـەرەڕای ئـەوە ڕووناکـی و تاریکـی شـانۆیی کاریگـەری خۆیـان قـووڵ دەکەنـەوە بـۆ نـاو کایـەی سـیمیۆلۆجی و نەوتـراوی دەقـی نمایش و چینـە سـومبوولیەکانی چینـکاری، بۆیـە کتێبـی کیـری ئیـلام وای دەبینێـت کـە "ڕووناکـی وەک کۆدێکـی نیشـانەیی کاردەکات، کاریگـەری لەسـەر تێڕوانینـی بینـەر دەکات و ڕێنماییـان دەکات بـەرەو لێکدانـەوە دەروونییـە تایبەتـەکان" (Elam, K. 1987, p89) دیزاینـی ڕووناکـی دەبێتـە زمانێـک کـە قسـە لەگـەڵ نائاگایـی بینـەر دەکات، گێڕانـەوەی ئاشـکرا بەهێـز دەکات یـان دەشـێوێنێت. تێڕوانینـی ئیـلام جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە چـۆن ڕووناکـی وەک پەیوەندیکەرێکـی نائاگایـی دەروونـی کاردەکات، سـەرنجی بینـەر ئاراسـتە دەکات و تێگەیشـتنیان لـە نمایشـەکە لـە قاڵـب دەدات. دەرهێنـەر و دیزاینـەران بـە بەکارهێنانـی ڕووناکـی وەک ئامرازێکـی نیشـانەیی، چینەکانـی مانـا دەخەنـە نـاو تابلـۆی بیـنراوەوە، بـە شـێوەیەک کـە چینکارییەکـە دەوڵەمەندتـر دەکـەن.

**٢-٥ شوێن وەک سومبولێکی شووناسی:**

ئەگـەر گشـت ئـەو کەرەسـتانەی کـە پانتایـی نمایشـیان دروسـتکردووە؛ کاریگەریـان لەسـەر نمایـش هەبێـت، ئـەوا شـوێن و دیزاینـی تەختـەی شـانۆ، و بـەو چوارچێـوە گشـتییە دەناسرێـت کـە گشـت بوونـە شـانۆییەکان تیایـدا نقـووم بوونەتـەوە کاریگـەری زۆری لەسـەر نمایـش دەبێـت. بەو پێیـەی نمایشـە شـانۆییەکان لـە دەوروبـەری خۆیـان دابـڕاو نیـن؛ بـە جۆرێـک لەگـەڵ ئـەو شـوێنەدا تێکـەڵ بـوون کـە تێیـدا نمایشـەکە ئەنجـام دەدرێـت، وەک ڕیچـارد شێشـنر دەڵێـت کـە "شـوێن دەبێتـە گێڕەرەوەیەکـی بێدەنـگ، کاریگـەری لەسـەر مـەزاج و داینامیکـی و تەنانـەت دیالۆگەکانـی نمایشـەکەش دەبێـت" (Schechner, R. 2006, p45) ڕوانگـەی شێشـنر پـەردە لەسـەر چۆنیەتـی کارکردنـی شـوێن وەک هاوکارێـک لـە پرۆسـەی گێڕانـەوە هەڵدەداتـەوە. وردەکارییـە تەلارسـازییەکان و کۆنتێکسـتی نمایـش و ئەزموونـە هەسـتیارەکانی شـوێنەکە پاشـخانێک دروسـت دەکـەن کـە هـەم ئەکتـەر و هـەم بینـەر بـۆ نێـو کەشـی نمایـش ئاڕاسـتە دەکـەن. بـە جۆرێـک کـە شـوێنەکە لـە دەرەوەی ڕۆڵـی پراکتیکـی خـۆی دەبێتـە قاڵبێکـی ڕەمـزی، کـە گرنگییەکـی کولتـووری و مێژوویـی و سـۆزداری بەرجەسـتە دەکات بـە جۆرێـک هەندێـک پێیـان وایـە کـە "شـوێنەکان ئاوێنەیەکـی دیمەنـە ناوخۆییەکانـی کارەکتەرەکانـن، کـە ڕەنگدانـەوەی ململانـێ و ئـاوات و مێـژووی کەسـی تایبـەت بـە خـودی کاراکتـەرن" (Fuchs, E. 1996, p125) بـەو پێیـە کـە شـوێن لـە نێـو نمایشـە شـانۆییەکاندا بوونـی فیزیکـی خـۆی بـەلاوە دەنێـت بـە مەبەسـتی گوزارشـتکردن لـە بوونـە درامییەکـەی، جا ئەگـەر فۆکـس ئاماژەی تەنهـا بـە لایەنێـک کـردووە کـە دەکرێـت شـوێن ڕەنگدانـەوەی ناخـی ئەکتـەر بێـت، ئـەوا بـە دیوێکـی دیکـەدا دەکرێـت شـوێن گوزارشـت بێـت لـە کەلتـوور یـا کۆمەڵـگا یـا سـومبولێک بێـت بـۆ چەندیـن ئامـاژە، وەک چـۆن لویـس پیلاتیـر لـە کتێبـی "شـانۆ و تەلارسـازی"دا ئامـاژە بـەوە دەکات، "دیزاینـی تەلارسـازی ئاماژەی بیـنراو دەدات، دیالۆگێـک لـە نێـوان نمایـش و خەیاڵـی بینـەر دادەمەزرێنێـت" (Pelletier, L. 2006, p45) ڕوانگـەی ئێلکینـز تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە چـۆن تەلارسـازی شـانۆیی دەبێتـە کۆدێکـی نیشـانەیی کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بینـەر دروسـت دەکات، ڕێنمایـی یـا لێکدانـەوە بـۆ چینـکاری دەکات. دیزاینـی شـوێنەکە لەگـەڵ دەربڕینـی ئەکتـەرەکان و هێڵـی چیرۆکەکـەدا کارلێـک دەکات، دینامیکیەتێـک لـە نێـوان نمایـش و بینـەر و گشـت کەرەسـتەکانی نـاو فـەزای درامـی دروسـت دەکات. بۆیـە شـوێن لـە نمایشـە درامییەکانـدا بـێ سـومبول و مەبەسـت نییـە بەڵکـو کاریگـەری لەسـەر کارەکتـەرەکان و هەسـت و سـۆز و چینکارییەکانـدا هەیـە، بـە جۆرێـک کـە دەکرێـت ببێـت بـە سـومبولێک کـە لەگـەڵ گشـت کەرەسـتەکانیتر گوزارشـت لـە زمانـی نمایشـی شـانۆییەکە دەکـەن.

**٢-٦ موزیک و کارتێکەری دەنگی وەک سومبولی بیستراو:**

سـەرەڕای بوارەکانـی پێشـوو، مۆسـیقا و کارتێکـەرە دەنگییـەکان لایەنێکـی گرنگـی زمانەوانـی بیسـتراون، بـە جۆریـک کـە تابلـۆی

شانۆیی بەبێ بوونی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێکی گرنگی زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات. بەو پێیەی کە مۆسیقا و کارتێکەرە دەنگییەکان وروژێنەرێکی گرنگی نەست و هەستە شانۆییەکانن و دەکرێت وەک هەڵگری سومبولە کەلتوورییەکان وەسف بکرێن بە تایبەت لە نێو کایەی هونەرە درامییەکاندا، وەک چۆن وەک هەندێک پێیان وایە کە "مۆسیقا هەڵگری ڕۆحی کولتوورەکانە، بۆیە کاتێک مامەڵە لەگەڵ موزیک دەکەین بەرەو ئەوە دەچین کە ناسنامەی خۆمان بناسێنین" (Berio, L. 2006, p54) ڕوانگەی بێریۆ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن مۆسیقا وەک کایەکی زیندووی کەلتووری دەکرێت بەکاربخرێت، بە جۆرێک کە ئەو نۆتانەی کە دەژەنرێن دەبنە هەڵگری سومبولە کولتوورییەکان، جەوهەری نەریت بۆ بینەران دەگوازنەوە، دەبن بە پردێک لە نێوان مێژووی کەلتووری و هەست و سۆز و ڕابردوو دووبارە زیندوو دەکەنەوە. لە دەرەوەی نۆتەکانی مۆسیقا، کارتێکەرە دەنگییەکان هێزی کۆکردنەوەی هێما کولتوورییەکان لەناو کایەی بیستندا دەگرن. میشێل چیۆن لە کتێبی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "کارتێکەرە دەنگییەکان پردێک بۆ بۆشاییە کاتییەکان دروست دەکەن، ڕێگە بە بینەر دەدەن ئەزموونی پێکهاتە و ژینگە و شتەکانی سەردەمی درامی بکەن" Chion, M. (2016, p112) بە جۆرێک کە دەنگی زەنگێک، چرپەی شمشێرەکان، دەنگی شنەبا و ڕەشەبا، جریوەی باڵندە و گشت کارێکەرە دەنگییەکانی دیکە بینەر لە شوێن و کاتی ڕاستەقینە دەگوازنەوە بۆ نێو ڕووداوە درامییەکان لە ڕووی کات و شوێن، بە جۆرێک کە بینەر ئاوێتەی نمایشەکە دەبێت دەچێتە ناو کۆنتێکستە درامییەکان. بۆیە دەکرێت بوترێت کە هەر دەنگێک دەبێتە سومبولێکی کولتووری لە نێو نمایشە شانۆییەکاندا، بەو پێیەی کە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان، گێرانەوە شانۆییەکە دەبەستنەوە بە هێما کولتوورییەکان، کە وا لە بینەر دەکات کە لە شوێنی فیزیکی نمایش بگوازرێتەوە بۆ شوێن و سەردەمە درامییەکان.

**٣- (ڕێکارەکانی توێژینەوەکە)**

**٣-١ کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نموونەکەی:**

کۆمەڵگای توێژینەوە کە نموونەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بە شێویەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە بە جۆرێک لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بگونجێت، کە بریتییە لە نمایشی شانۆیی (بوچی مر؟) لە دەرهێنانی (هەڵکەوت ئدریس عابد) کە لە ساڵی (٢٠١٣ ) لە شاری دهۆک بە شێوەزاری کرمانجی ژوروو پێشکەش کراوە وەک بەرهەمی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی دهۆک، بەشی شانۆ. نمایشەکە باس لە پزیشکێک دەکات کە لە پزیشکی دادوەری توێکاری بۆ مردووەکان دەکات بۆ زانینی هۆکاری مردنیان، ئەکتەرە سەرەکییەکانی نمایشەکە چوار ئەکتەرن، کە یەکێکیان ڕۆڵی پزیشکەکە دەبینێت، ئەوەیتر ڕۆڵی کەسایەتیێکی سیاسی، کەسایەتی سێیەم بریتییە لە کەسایەتیێک کە هاتووە بە دوای کاردا دەگەڕێت و زیاتر ڕۆڵی کەسێکی نەخوێندەوار و کەم ئەقڵ دەگێڕێت، کەسێتی چوارەم ئافرەتێکی ڕەشپۆشە کە دوو جار لە تەختەی شانۆ دەردەکەوێت، هەرچی تەرمەکان بریتین لە کەسێک کە بە هۆی وەرگرتنی ڤیاگرا مردووە، کەسایەتیێک کە بە هۆی کاری سیاسی کوژراوە، تەرمی کچێک کە خۆی سوتاندووە، تەرمی منداڵێکی ساوا.

**٣-٢ میتۆدی توێژینەوە:** بە میتۆدی (وەسفی – خوێندنەوەی حاڵەت) شیکردنەوە بۆ نموونەی ئەم توێژینەوەیە کراوە.

**٣ -٣ ئامرازەکانی توێژینەوە:**

١. تێبینیکردن.

٢. دەرئەنجامەکانی چوارچێوەی تیۆری.

**٣-٤ شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە:**

**٣-٤-١ بینای درامی ڕووداوەکان:**

نمایشەکە بە دیمەنی کەسایەتی سیاسی دەست پێ دەکات کە لە تاریکیدا وێنەی چەند تەرمێک دەگرێت، کەسایەتی دکتۆر دێتە سەر تەختە، لەگەڵ دەرکەوتنی چوار قوماشی سپی کە وەک کفنی مردووەکان بەدی دەکرێن لەسەر تەرمەکاندا بەرز دەبنەوە و تا کۆتایی نمایش هەر لە شوێنی خۆیان دەمێنن و هیچ مامەڵەیەکی دیکەیان لەگەڵدا ناکرێت، گشت دیوارەکان ڕەشن تەرمی چەند

کەسێک لەسەر گالیسکە ڕاکشاون لەسەر تەختەی شانۆ دا بوونی هەیە. دکتۆر بە قەمیسێکی سپی و ملپێچێکی سوور دێتە سەر تەختەی شانۆ، جلوبەرگی پزیشک لەبەر دەکات، کەسایەتی سیاسی چاویلکەیەکی ڕەشی لەچاوە و قات و بۆینباغێکی ڕەشی بەستووە، گفتوگۆ لە نێوان دکتۆر و سیاسییەکە دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە دکتۆر ئەو توانج لە سیاسییەکە دەدات بەو پێیەی کە هاتووە ڕاپۆرت لەسەر مردووەکان بنووسێت، بەڵام سیاسی بە لووتبەرزییەوە پێی وایە کە ئەو نوێنەری دەسەڵاتە، بەڵام دکتۆرەکە پێی وایە کە بەرامبەرەکەی لە سیاسەت نازانێت، بۆیە گفتوگۆیەکە توند دەبێت و سیاسییەکە دکتۆر تۆمەتبار دەکات بەوەی کە گوایا دکتۆر لەگەڵ مردووەکاندا گفتوگۆ دەکات، وە هەڵەی زۆری هەیە بۆیە وا بۆ دکتۆرەکە باشترە کە خۆی لە سیاسییەکان نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی بەو شتانەی کە دەیەوێت بگات ، ئەم قسانە وا لە دکتۆرەکە دەکات کە داوا لە کەسایەتییە سیاسییەکە بکات کە بچێتە دەرەوە، پێش دەرچوونیشی پێی دەڵێت کە جارێکیتر کە گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک بکات وا پێویست دەکات کە بزانێت بەرامبەرەکەی ئاستی زانینی چەندە هەروەها چاویلکەکەی دابنێت بۆ ئەوە دنیا باشتر ببینێت و دەریدەکات، کەسایەتی سیاسییەکە دەچێتە دەرەوە.

دکتۆرەکە دەست بە توێکاری یەکێک لە تەرمەکان دەکات، مۆسیقایەک کە زیاتر هەستی دڵەڕاوکێی تێدایە دەبیسترێت، کارەکتەرێک دێتە ژوورەوە کە شەرواڵێکی کوردی و قەمیسێکی ڕەشی لەبەرە، لە شێوازی قسەکردن و جووڵەکانی دیارە کە کەسایەتییەکە خێڵەکییە، ئاستی تێگەیشتنی لە ئاستێکی زۆر نزمە، بە دوای کاردا دەگەڕێت و داوا لە دکتۆرەکە دەکات کە ئیشێکی بۆ بدۆزێتەوە، دکتۆرەکە پێی دەڵێت کە ئەو شوێنە بە کەڵکی ئەو نایەت، بۆیە ئەو لە جۆری کاری دکتۆرەکە دەپرسێت، دکتۆرەکە دەڵێت من بە دوای هۆکاری مردنی ئەو کەسانەدا دەگەڕێم، لە وەڵام دا ئەو دەڵێت کە مردن کاری خوایە، بۆیە لای ئەو ئەو کارەی کە دکتۆر دەیکات بایەخی نییە. دیمەنەکە زیاتر کۆمیدییە تەواو پێچەوانەی ئەو کەشەیە کە سینۆگرافیای نمایشەکەی پێکهێناوە، هەرچەندە دکتۆرەکە دەیەوێت تێیبگەیێنێت کە ئەو شوێنە بە کەڵکی ئەو نایەت بەڵام ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت هەموو کارێک ئەنجام بدات، بۆیە بە شێوازێکی نەرم و نیانانە دەری دەکات بەو هۆیەی کە سەرقاڵە بۆ ئەوەی دواتر قسە بکەن، کەسایەتییەکە دەردەچێت و دکتۆر دەست بە توێکاری لەسەر لاشەیەکی مردووەکان دەکات.

لە کاتی توێکارییەکە ئەوە دەردەکەوێت کە لاشەی یەکەم بە هۆی خواردنی حەبی ڤیاگرا مردووە، بۆیە دکتۆرەکە بە پێکەنین و گاڵتەوە ڕاپۆرتەکەی دەنووسێت و ئاماژە بە هۆکاری مردنەکەی دەکات، لاشەکەی دەباتە دەرەوە، لە دوای نووسینی ڕاپۆرتەکە موزیک و گۆرانییێکی سۆزدارییە ماتەمینی دەدرێت کە بە چەند ئاهاتێک کۆتایی دێت، کچێکی ڕەشپۆش لەسەر گالیسکەی مردووان تەرمێک دەهێنێت کە بە بەتانی داپۆشراوە، دوای ئەوەی تەرمەکە دەگاتە ناوەڕاستی شانۆ کچەکە دەچێتە دەرەوە، دکتۆرەکە دوای سەیرکردنی تەرمەکە داوای لێبووردن لە لاشەکە دەکات -لە گفتوگۆکە ئەوە دەردەکەوێت کە لاشەکە هی ئافرەتێکە کە بە هۆکاری خۆسوتاندن گیانی لە دەستداوە- لەبەر ئەوەی ناتوانێت هۆکاری ڕاستەقینەی خۆسوتاندنی بنووسێت لەبەر ئەوەی باوکی پێی وتووە من کچی دیکەم هەیە و ناموسمان دەچێت کە ئەگەر بزانرێت هۆکارەکە چییە، بۆیە بە قسەی باوکی وا لە ڕاپۆرتەکە دەنووسێت کە مردنەکەی بە هۆی تەقینەوەی بوتڵی گاز بووە، دوای نووسینی ڕاپۆرتەکە دەگەڕێتەوە و ڕاپۆرتەکەی دەدڕێنێت و دووبارە قسە لەگەڵ تەرمی کچەکە دەکات و دەڵێت نا تۆ خۆت سووتاندووە لەبەر ئەوەی نەتوانیوە بەرگەی ئەو هەموو زوڵمە بگری کە لێت کراوە، هەرچەندە بڕیارەکەت هەڵە بووە بەڵام چارەسەرت نەبووە، کە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە دکتۆرەکە ئەگەرچی سەرەتا کاریگەرە بە کۆمەڵگا بەڵام دواتر ڕاپۆرتە ڕاستییەکە دەنووسێت بەوەی کە کچەکە خۆی سووتاندووە.

دواتر دووبارە کارەکتەرە کۆمیدییەکە دێتە ژوورەوە بە

هـاوارەوە هانـا بـۆ دکتـۆر دەهێنێـت بـۆ ئـەوەی تویـّکاری بـۆ بـکات گوایـە جەڵتـەی دەمـاغ لێـی داوە و مـردووە، زۆر تـکای لـێ دەکات کـە تویـّکاری بـۆ بـکات، هەرچـی دکتۆرەکـە هەوڵـدەدات دەری بـکات بـەڵام ئـەو جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە دەرنەچێـت، لـەو گفتووگۆیـە تەرمێـک هـاوار دەکات و هەڵدەسـتێت، دکتۆرەکـە ڕادەکات بـۆ ئـەوەی گـوێ لـە ترپـەی دڵـی بگرێـت، لـە کاتێکـدا کەسـایەتی کۆمیـدی لـە ترسـان ڕادەکاتـە دەرەوە، مۆسـیقایەکی ماتەمینـی لێدەدرێـت کـە زیاتـر مۆرکێکـی هـاواری شـیوەنی هەیـە، دوای فەحسـکردنی دکتـۆر و دڵنیابوونـەوە لـەوەی کـە مـردووە، دکتۆرەکـە تێنووسـی ڕاپۆرتـەکان دەهێنێـت، لـە جووڵەکانـی دا دیـارە کـە ڕاڕایـە لـە نووسـینی ڕاپۆرتەکـەی، ئـەم تەرمـە هەمـان ئـەو تەرمەیـە کـە لـە دیمەنـی یەکـەم ئـەو کەسـەی کـە ڕۆڵـی سیاسـی دەبینێـت وێنـەی دەگـرت، دواتـر دکتـۆر دەڵێـت (ئـەز نزانـم بنووسـم تـو چـەوا مـری؟ یـا چـەوا هاتیـە کوشـتن؟ ) دوای قسـەکردنی دکتـۆر لەگـەڵ تەرمەکـە ئـەوە دەردەکەوێـت کـە ئـەو لاشـەیە لەسـەر بیروباوەڕێکـی دیاریکـراو کـوژراوە بـێ ئـەوەی ئامـاژە بـەو ڕایـە بکرێـت بـەڵام لـە سینۆگرافیا دیـارە کـە دژەڕایەکـی دەسـەڵات بـووە ، بۆیـە دکتـۆر ڕاپۆرتەکـەی دەنووسـێت و دایدەنێـت و دەچێتـە دواوە و سـڵاوێکی سـەربازی دەکات و دەڵێـت (لسـەر بیـر و باوەڕێـن ئـازاد هاتیـە کوشتن.کەسـیش نینـە لدیڤفەچوونـێ ژبـو بکاتـن، چونکـێ ئەڤـێ لدیڤچوونـێ دکەتـن هـەر ئـەوە تـو کوشـتی).

لـە دوای نووسـینی ڕاپـۆرت و گفتوگـۆی دکتـۆر و تەرمەکـە، کەسـایەتی سیاسـی دێتـە ژوورەوە، ئـەو هەمـان جلوبەرگـی دیمەنـی پێشـووی لەبـەرە تەنها بۆینباغەکـە و چاویلکەکـەی دانـاوە، کاتێـک دکتـۆر لـە هـۆکاری دووبـارە هاتنـەوەی دەپرسـێت لـە کاتێکـدا پێشـتر دەری کـردووە، سیاسـییەکە کاغەزێـک دەردەهێنێـت و بـە گاڵتەجارییـەوە تێـی دەگەیێنێـت کـە ئـەو هاتـووە و فەرمانـی گواسـتنەوەی دکتـۆری پێیـە بـۆ نەخۆشـخانەیەکی بچـووک لـە گونـد کـە ١٠٠ کیلۆمەتـر لـە شـار دوورە و تەنهـا بـە تراکتـۆر دەتوانێـت بچێتـە ئـەو شـوێنە، بـە گاڵتەجارییـەوە پێـی دەڵێـت کـە گونـد بـۆ ئـەو باشـترە بـەو پێیـەی ئـەو دکتۆرێکـی زیرەکـە و خەڵکـی گونـد پێویسـتیان پێـی هەیـە، نووسراوەکـەی لـە بـەردەم دکتۆرەکـە فڕێـدەدات و بـە پێکەنیـن و گاڵتەجارییـەوە پێـی دەڵێـت (ئەگـەر تـو حـەز دکـەی بیمینـی لڤێـرێ ئـەز دشـێم هاریکاریا تـە بکـەم) و دەچێتـە دەرەوە.

موزیکێکـی خەفەتبـار دەژەنرێـت، دکتـۆر نووسراوەکـە دەخوێنێـت، لەسـەر ئـەو گالیسـکەیە دادەنیشـێت کـە تەرمـی منداڵێکـی سـاوای لێیـە، قسـەی لەگـەڵ دەکات و لـە نـاوی دەپرسـێت، گومانـی هەیـە لـەوەی کـە باوکـی نـاوی لـێ نابێـت، بۆیـە پرسـیاری لـێ دەکات کـە حـەز دەکات نـاوی ببێتـە چـی؟ دواتـر دەپرسـێت کـە بـۆ لەدایـک بـووە؟ دواتـر لـە داهاتـوو دەیەوێـت ببێتـە چـی؟ هـەر خـۆی وەڵام دەداتـەوە و دەڵێـت دەتـەوی ببـی بـە دکتـۆر.

ئـەو مۆنۆلۆگـە لـە نێـوان دکتـۆر و تەرمـی منداڵـە سـاواکە دروسـت دەبێـت:

(تۆیـێ باشـی؟ ناڤـێ تـە چییـە؟ یـان هیشـتا بابـێ تـە نـاڤ نەدانانـە لسـەر تـە؟ ئـەز دێ ناڤـێ تـە دکەمـە.. تـو حـەز ژچـی دکـەی؟ تـە دڤێـت ئـەز ناڤـێ تـە بکەمـە چ؟ دبێـژە؟ ئـەز گەلـەک پرسـیارێ هـەی... تـو بوچـی مـری؟ باشـە پرسـیارەکا دی، تـە دڤێـت دپاشـە ڕۆژێ ببیـە چ؟ دختـورا!!! مـە شـولا بدختـورا نینـا، ببـە کەسـەکی نورمـاڵ، دزانـی کچـک هەمـی هـزرا بکـە بـەس هـزرا وا مەکـە تـو مـەزن بـی. مـا چ عەدالـەت دژیـان دا هـەی وەختـێ مرۆڤـێ بچیـک ژێـرا دزانیـتن ژیـان خوشە....)گشـت دیالۆگەکانـی بـەو ئاڕاسـتەیەن کـەو ژیـان نائومێدییێکـی گەورەیـە لـە لای گـەورەکان بـەڵام منـداڵان بـە جوانـی دەبینیـن بـە تایبـەت لـە ئاهەنـگ و ڕۆژانـی جـەژن، دواتـر باسـی ژیانـی خـۆی دەکات دوای ئـەو ئازارانـەی چەشـتووە ئێسـتاش چـی بەسـەر هاتـووە، لـە کۆتایـی دا داوا لـە کچـە بچووکەکـە دەکات کـە ببێتـە دادوەر بـۆ ئـەوەی حوکـم لەسـەر ژیـان بـکات، کـە دواتـر هـۆکاری مردنـی ئـەو منداڵـە ئاشـکرا دەکات و دەڵێـت کـە هـۆکاری مردنـی تـۆ دکتۆرەکانـن لەبـەر ئـەوەی چارەسـەری هەڵەیـان بـۆت نوسـیبوو، ئـەو کەسـانەی دەبوایـە خەڵـک چـاک بکـەن ئـەوان تۆیـان کوشـتووە، تەرمـی منداڵەکـە لـە بـاوەش دەکات دەیخاتـە سـەر گالیسـکەکەی خـۆی.

ئەکتـەرە گاڵتەجارەکـە دێتـە ژوورەوە بـە مەقامێـک بـە (وەی

دونیایێ وەی دونیایێ) دەست پێ دەکات، دووبارە دیالۆگ و کەشێکی کۆمیدی لە نێو نمایش دەست پێ دەکاتەوە لەسەر بنەمای دژیەکیەکەی نێوان کەسایەتی دکتۆر و کەسایەتی تر، دکتۆر کەسایەتییەکەی لەوپەڕی ڕێز و توانای زانینە لە کاتێک دا کەسایەتی بەرامبەر کەسایەتییێکە کە گەمژایەتی تیادا تێدا بەدی دەکرێت و لە ئاستێکی زۆر نزمی مەعریفی دایە، دوای گاڵتەجاری دیمەنەکە دکتۆر بە تەنیا لەسەر تەختەی شانۆدا دەمێنێتەوە، سەیری تەرمەکان دەکات، مۆسیقایەکی دڵڕاوکی گوێبیست دەبین، دکتۆرەکە باس لەوە دەکات کە لە شوێنەکەدا تەنها یەک مردوو هەیە کە باسی نەکراوە، بۆیە لە ئێستادا باس لە مردنەکەی ئەو دەکرێت (ئەوژی دکتۆر بوو، ئەویش سترانەکێ گۆ و مر، نا.. مر بسترانەکێ.. نا نا نا سترانەکی گۆ و مر) دواتر دەچێتە لای تێنووسی مردووەکان و ڕاپۆرتێک بۆ خۆی دەنووسێت و مۆری لێ دەدات، کە دکتۆر لە ڕێگای سترانەک خۆی کوشتووە، گۆرانیەک دەڵێت و لەگەڵ گۆرانییەکە چاکەتی دکتۆرییەکەی دادەکەنێت و لەسەر شوێنی هەڵواسینی جلوبەرگ دایدەنێت، لە ژێر کراسەکەی ملپێچێکی سوور هەیە، دواتر ملوانکەکەی لەسەر گالیسکەیەک دادەنێت و دەچێتە دەرەوە.

کەسایەتی کوڕە گەنجە نەخوێندەوار و گەمژەکە دووبارە دەردەکەوێت سەرەتا بە ئاسایی قسە دەکات، بەڵام کە ملوانکەکە دەبینێت دەزانێت کە دکتۆر مردووە، بۆیە چاکەتی دکتۆرەکە لەبەر دەکات و دەڵێت کە ئەو لەمەودوا دەبێتە دکتۆر، لە دکتۆرەکەش شارەزاتر دەبێت، چونکە بە ڕای ئەو دکتۆر هیچی نەزانیوە لەبەر ئەوەی چەندین جار پێی وتووە کە توێکاری بۆ ئەو بکات و نەیزانیوە، لەو مۆنۆلۆگە کەسایەتی سیاسی دووبارە دەردەکەوێت، کە جانتاکەی لەسەر شانە و کامێراکەی بە دەستەوەیە و وێنە دەگرێت، کە چاوی بەر کوڕەکە دەکەوێت دەستکێش لە دەست دەکات و جلی دکتۆر لەبەر دەکات، لێی دەپرسێت (دکتور بوچی مر؟) ئەویش وەڵام دەداتەوە (بکەیفا تەیە) هاوتا لەگەڵ گۆرانییێکی شینئامێز ، کچە ڕەشپۆشەکە دێتە ژوورەوە، ملپێچی دکتۆرەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە ملی و دەچێتە دەرەوە، لەگەڵ گۆرانییەکە ڕووناکی دەکوژێتەوە و نمایشەکە تەواو دەبێت.

**٣-٤-٢ شیکردنەوەی سومبولە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی نێو نمایش:**

لە نێوان داینامیکی مردن و دەسەڵاتدا، نمایشەکە بریتییە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵێک هێما و سومبولی کۆمەڵایەتی سیاسی کەلتووری، هەر ڕەگەزێکی ئەم نمایشە دەکرێت وەک هێمایەکی ئەنترۆپۆلۆژی سەیر بکرێت، کە چینەکانی پشت مانای وتراوە ئاشکرا دەکات و تێگەیشتن بۆ دەقی نمایشەکە دەوڵەمەندتر دەکات.

**کەسایەتییەکان و ململانێکانیان:**

دکتۆر بەرامبەر سیاسەتمەدار: کارلێکەکانیان ململانێی هەمیشەیی نێوان کردەی ڕەسەن و ئامانجی سیاسی ناپەسەند نیشان دەدات. شەڕ و ناکۆکی و یارییەکانی دەسەڵات ڕەنگدانەوەی دیمەنی فراوانی کۆمەڵگایە کە زۆرجار هەوڵە ڕاستەقینە پاکەکان لەگەڵ مانۆڕە سیاسییە بەرژەوەندخوازەکاندا بەریەکدەکەون، زەق کردنەوەی ئەو ململانێیە کە لە شێوەی سومبولی دوو کەسایەتیدا ڕەنگیداوەتەوە و باڵی بەسەر گشت ململانێیەکانی نێو نمایشەکەدا کێشاوە، سومبولی ئەو کەڵێنەیە کە لە نێوان سیاسییەکان و کەسایەتیە پیشەمەندەکاندا بوونی هەیە.

کوڕە نەخوێندەوارەکە و دکتۆر: گۆڕانی خێرای ڕۆڵەکەی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ پێشبینینەکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان. ڕوونی دەکاتەوە کە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی شێوێندراو، مەرج نییە بە زیرەکی لە کۆمەڵگادا مرۆڤەکان بگەن بە ئامانجەکانیان، بەڵکو زۆر کات گەمژەیی وا دەکات کە ئەو کەسانەی کە هیچ بەهرەیێکیان نییە بەرزبنەوە و بە پێچەوانەی خاوەن بەهرە ڕاستەقینەکان کە سزا دەدرێن، جەخت لەسەر سروشتی ڕاگوزەری کەسایەتی و پۆستەکان و دەسەڵات و پێگە دەکاتەوە.

شانۆنامەکە بە هێما ئەنترۆپۆلۆژییە بێشومارەکانییەوە، وێنەیەکی فرەلایەنەی کۆمەڵگا دەکێشێت. بە تێکەڵکردنی چارەنووسی تاکەکەسی لەگەڵ تەوەرە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان وەک سومبولێک، گەڕانێکی قووڵ لە سروشتی مرۆڤ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و سەمای ئاڵۆزی نێوان ژیان و مردن پێشکەش دەکات. لە دەرەوەی نمایشێکی شانۆیی، گەشتێکی خۆڕاگرییە بۆ ناو دڵی کۆمەڵگا و ئەو کەسایەتیانەی کە تێیدا نیشتەجێن.

**جەستەی مردووەکان و سومبولەکانیان:**

جگە لە ئەکتەرەکان، لاشەی هەر مردوویێک چەندین سومبولی ئەنترۆپۆلۆژی تیایاندا بەدی دەکرێت، وەک لە خوارەوە دا باسکراوە:

ئەو کەسایەتییەی کە بە ڤیاگرا مردووە: ئەم مردنە گوزارشتە لە دەرکە هەڵەکانی پیاوسالاری لە نێو کۆمەڵگادا. بە جۆرێک کە ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە بۆ پیاو لە کۆمەڵگادا هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤێک پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت ئامادەیە تا ئەوپەڕی خۆخستنە مەترسیی و مەرگ بڕوات، بۆیە ئەگەرچی مەرگەکە لە ڕووکەشدا کۆمیدی دەربکەوێت بەڵام سومبولێکە بۆ پیاوسالاری و ئامادەیی بەشێکی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی وێنای خۆیان بە پیاوێکی بەهێز لە ڕووی سێکسییەوە دەربخەن، دەست بۆ هەموو شتێک دەبەن، کە ئەم سومبولە لەگەڵ سومبولی تەرمی کچە کوژراوەکە و دیالۆگی باوکی بۆ دکتۆر یەک دەگرێتەوە بۆ زەقکردنەوەی سومبولی پیاوسالاری لە کۆمەڵگای کوردی بە شێوازێکی نەرێنی.

جەستەی ئەو ئافرەتەی کە خۆی کوشتووە: سومبولێکی دڵتەزێنی نارەزایەتی ئافرەتێکە بەرامبەر بە هێزە ستەمکارە دەروونی و جەستەییەکان، کە تەنانەت دوای مردنیش هەوڵدەدەن ڕاستی ژیانی کچەکان و کێشەکانیان بەلاڕێدا ببەن، ئەم لاشەیە دراماتیکییە لە ڕووی سومبولیەوە، جەخت لەسەر کاریگەریی قووڵی فشارە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییەکان دەکاتەوە لە کاتی ژیان و تەنانەت لە چارەنووسی کچەکان لە دوای مەرگیش.

ئەو تەرمەی کە بە پاڵنەری سیاسی بیر و باوەڕ کوژراوە: ئەم مردنە بەرجەستەکردنی دەنگە کپکراوەکانی کۆمەڵگایە. چیرۆکی دەنگە بێدەنگکراوەکان دەگێڕێتەوە، سومبولە بۆ مەترسییەکانی بوونی ڕای جیاواز و ژیان لە ئاڵنگاری دۆخی کۆمەڵایەتی و شەڕکردن بۆ بیروباوەڕەکانی مرۆڤ، هەر بۆیە دکتۆر هەمیشە بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و تا دواکات سڵاوێکی سەربازی لێ دەکات لەبەر ئەوەی کە پێی وایە کە ئەم لاشەیە توانیویەتی بەرگری لە ڕایەکانی خۆی بکات تا مردن.

تەرمی منداڵەکە: منداڵ، تەنانەت لە مردنیشدا، هێمای چرای هیوا و بێتاوانییە. لە ڕێگەی فۆرمە هێمنەکەیەوە، هاوارێکی بێدەنگ هەیە سەبارەت بە داهاتوو کە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا داهاتوو مەرگ چاوەڕێی دەکات ، خەونەکان دەشکێن و نەوەیەکی داهاتوو پێشوەختە بێدەنگ دەکرێن. مۆنۆلۆگی دکتۆر و منداڵەکە، جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوان بێتاوانی و ئەزموونەدا. پرسیارەکانی دکتۆر جەخت لەسەر ئەو ئەگەرە بێکۆتایانە دەکەنەوە کە منداڵەکە دەیتوانی پێی بگات و واقیعی توندی کۆتایی ناکاتی مردنەکەی .مردنی دڵتەزێنی بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشکییەوە، شرۆڤەیەکی زەقە کە چۆن ئەو سیستەمەی کە مەبەست لێی چاودێریکردنە، تەنانەت داهاتووشمانی خستۆتە مەترسی. ناو کە ناسنامەی کەسێکە، سومبولێکە کە داهاتووی کۆمەڵگا بێ ناسنامەیە بەو پێیەی کە دکتۆرەکە نازانێت تەنانەت ناوی منداڵەکەش چییە.

**دیالۆگ:**

هەر دیالۆگێک لە شانۆنامەکەدا زیاتر لە ئاڵوگۆڕی وشە هەڵدەگرێت؛ پەنجەرەیەکە بۆ ڕۆحی کارەکتەرەکان و تێڕوانینەکانیان بۆ جیهان و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی کە گوزارشتی لێ دەکەن. بۆ نموونە دیالۆگی دکتۆر و سیاسەتمەدار و کارلێکەکانیان هێمای شەڕی فراوانتری کۆمەڵایەتییە لە نێوان کاری پەسەند و بەهای بەرزی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر. گرژییە بنەڕەتییەکان ڕەنگدانەوەی خەباتەکانی تاک لە دژی دەسەڵاتی فراوانی سیاسییەکان. گفتوگۆکانیان ئەو سازشانە دەهێننە پێشەوە کە مرۆڤ زۆرجار دەبێت لە بەرامبەر کاریگەرییە سیاسییە سەرسەختەکاندا بیکات.

پزیشک و منداڵ: ئەم دیالۆگە وەک یەکێک لە ساتە پڕ سۆزدارییەکانی شانۆنامەکە بەدی دەکرێت، پرسیارەکانی پزیشک بۆ منداڵە بێ ژیانەکە جەخت لەسەر لەدەستدانی قووڵی توانا و خەون و داهاتوویەک دەکەنەوە کە هەرگیز بەدی نەهاتووە. ئەم گفتوگۆیە جەخت لەسەر تەوەری شانۆنامەکە دەکاتەوە کە بریتییە لە بێتاوانیی ونبوو و واقیعە سەختەکانی جیهانێک کە تەنانەت بێتاوانترینەکانیش لە کارەسات ڕزگاریان نابێت، شیکردنەوەی ناخ و دەروونی

دکتۆرەکەیە و سومبلە بۆ ئەو ململانێ قووڵە کۆمەڵایەتییە کە لە جیهاندا دەگوزەرێت.

کوڕە گەنجە نەخوێندەوارەکە: دیالۆگەکانی زیاتر کۆمیدین، بەڵام دوا ڕستەی کە جلی دکتۆری لەبەر کردووە و کاتێک سیاسییەکە لێی دەپرسێت کە بۆچی دکتۆر مرد، وەڵامەکە کە دەڵێت بە دڵی تۆ، هێمای پەیامی کۆمەڵایەتی فراوانتر لەخۆدەگرێت: کە گێڕانەوەکان، تەنانەت ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکان وەک مردن، دەتوانرێت لەلایەن دەسەڵاتداری ستەمکارەوە دەستکاری بکرێت.

**مۆنۆلۆگەکانی پزیشک:**

مۆنۆلۆگەکانی پزیشک پەردە لەسەر قورسایی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا و بارگرانییەکانی پیشەکان و ململانێی سروشتی لەگەڵ دووڕیانەکانی بوونگەرایی هەڵدەدەن. بیرکردنەوەکانی پزیشک سەبارەت بە ژیان وێناکردنی بێهیوایی لە چینەکانی کۆمەڵگا و گەڕانی بەردەوامە بۆ ئامانجی بێگەرد.

بۆیە دەکرێت کە بوترێت دیالۆگەکانی ناو شانۆنامەکە ئامرازێکی بەهێزن کە هێما ئەنترۆپۆلۆژییەکانی قووڵتر دەکەن، قووڵایی بۆ گێڕانەوەکە دەبەخشن و تیشک دەخەنە سەر شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکانی

**ڕەنگ و جلوبەرگ:**

ڕەنگی سپی: بەکارهێنانەکانی ڕەنگی سپی بۆ جلوبەرگ و ئەو کفنەی کە سەرەتای دەستپێکردنی نمایش دەچێتە سەرەوە لەسەر لاشەی مردووەکان و تا کۆتایی نمایش دەمێنێت، زیاتر لە تەنها ڕەنگی پیشەی پزیشکێک یاخود گوزارشکردن لە کفنی مردوێک دەدرکێنێت، بۆ دکتۆر ڕەنگی سپی بەرجەستەی خەباتی ئەو بۆ ڕاستی و چارەسەرکردنە لە نێو ئاژاوەی کۆمەڵایەتیدا. لە کاتێکدا سپی سەرەتا سومبولی پاکیزەییە، بەڵام وردە وردە قورسایی شەڕە ناوخۆییەکانی دکتۆر دەگرێتە ئەستۆ، کە ڕەنگدانەوەی کاریگەریی کەسایەتی هەقبێژ، پاک، کە بەرگری لە بنەما ڕاستەکانی کۆمەڵگا دەکات. جگە لە جلوبەرگی دکتۆر، ڕەنگی سپی بۆ ئەو کفنانەش بەکارهاتووە کە لە سەرەتای نمایشدا بەرزدەبنەوە و تا کۆتایی هەر لە سەرەوەن و هیچ مامەڵەیان لەگەڵ دا

ناکرێت، سومبولێکن بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگایەکی مردوو، کە تیایدا مردن زاڵە بەسەر هەموو شتەکان.

ڕەش: جلوبەرگی سیاسەتمەدار و دیوار و ئەو کچەی بە ڕەش داپۆشراوە هەموویان بیرهێنانەوەی بەردەوامی بوونی مەرگە لە هەموو شوێنێک. دوور لە لەناوچوون و مردن، ئاماژە بە هەژموونی سێبەرەکانی دەسەڵاتی تاریکپەرست کە وای کردووە هەموو پانتاییەکە بەو ڕەنگە داپۆشرێت و باڵادەسترین ڕەنگ بێت لە نێو نمایشەکەدا.

ملپێچی سوور: وەک دوا کردەوەی دکتۆر، ملپێچ وەک بەڵگەیەک بۆ ئاژاوەی ناوەوەی ئەو. ڕەنگی سووری زیندوو، هەرچەندە هاوواتای هەست و سۆزە، بەڵام ئاماژەیە بۆ ئەو لێوارە مەترسیدارەی نائومێدی کە دواتر پێی دەگات، ئاماژەیە بۆ ئەو خوێنەی کە لە ژێر کراسیکی سپی دایە، ئاماژەیە بۆ ڕووداوی کوشتن و مەرگ کە لە ملی هەر کەسایەتییێکی پاکی ناو کۆمەڵگادا پێچراوەتەوە.

**مۆسیقا:**

مۆسیقا و گۆرانی لەم نمایشەدا تەنها ڕۆڵی درامی ناگێڕن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی قووڵی هەستی کۆمەڵایەتی و دەروونین، کە ڕەگ و ڕیشەی کەلتووریان هەیە و زۆرجار یەکدەنگەکانی ژیان و ئەزموونی مرۆڤ دەگێڕنەوە، هەستکردنیەتی بە گوزارشتکردن لە ڕێگای هونەر کاتێک لە ناوەڕاستی ئاڵنگاریی بوونگەراییدا هیچی بەدەستەوە نەماوە، بۆ نموونە گۆرانی خۆکوشتنی دکتۆر یا ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەی کە لە نێو نمایشەکەدا بەرجەستە کراون وەک ئەو پێشەکی لاوکەی کە کوڕە گەنجەکە دەیڵێتەوە، ئاواز و وشەکان قورسایی ڕۆحی کەسایەتییەکان هەڵدەگرێت. بە جۆرێک کە گوزارشتەکانیان زیاترە لە تەنها مۆسیقا یا گۆرانییەک؛ بەڵکو نوێنەرایەتی پڕ لە ئازارە بۆ ناخی مرۆڤەکان وەک تاک و وەک سومبەلێکی کۆمەڵایەتی.

**٤- دەرئەنجام**

١. ڕۆڵ لە نێو نمایشەکەدا سومبولی ئەنترۆپۆلۆژییە، جا چ لە ڕێگای ئەو کاراکتەرانە کە ڕۆڵەکە دەگێڕن، یاخود تەرمی مردووەکان، کە هەر یەکێکیان گوزارشت لە سومبولێکی نێو کۆمەڵگا و کەلتووری کوردی دەکەن.

٢. ڕەنگەکان لە جلوبەرگ و دیکۆر و ئێکسوارەکان، هێمای پاکی و دەسەڵات و نائومێدی و کۆتایی حەتمی ژیانن، بە جۆرێک کە گشت بیندراوەکان قووڵایی هێماییان لە نێو کۆمەڵگا دا هەیە.

٣. گۆرانی و موزیکە بەکارهێندراوەکان گوزارشت لە بابەتی بوونگەرایی قووڵ و فرەڕەهەند دەکەن، کە یا ڕەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵایەتین یا گێژاوی سۆزداری ناو ناخ و دەروونی ئەکتەرن.

٤. هۆکارە جۆراوجۆرەکانی مردن کە خراونەتەڕوو (لە فشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ناڕەزایەتی سیاسی) وەک ڕەخنەی بەهێز لە نۆرمەکانی کۆمەڵگا و دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی ئاڵنگارییەکان یان خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگادا دەردەخەن.

٥. دیالۆگ بەتایبەتی نێوان پزیشک و سیاسەتمەدار، پزیشک و تەرمی مندالی ساوا، تیشک دەخەنە سەر گرژی بەردەوامی نێوان هەوڵە ڕاستەقینەکان و کاریگەرییە سیاسییە خۆسەپێنەکان، جەخت لەسەر سازانە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی دەسەڵات دەکەنەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. Artaud, A. (1958) <u>The Theatre and Its Double</u>. Translated by M.C. Richards, New York: Grove Press.
2. Barthes, R. (1964) <u>Elements of Semiology</u>. Translated by A. Lavers and C. Smith, New York: Hill and Wang.
3. Barthes, R. (1988) <u>The Semiotic Challenge</u>. Translated by:R. howard, oxford: Basil Blackwell Ltd
4. Barthes, R. (1972) <u>Mythologies</u>. Translated by A. Lavers. New York: The Noonday Press.
5. Barthes, R. (1975) <u>The Pleasure of the Text</u>. Translated by:R. Miller, New York: Hill and Wang.
6. Barthes, R. (1991) <u>The Responsibility of Forms-critical Essays on Music, Art, and Repressention</u>. Translated by: R. Howard California: Hill and Wangs.
7. Bennett, S. (1997) <u>Theatre Audiences.</u> New York: Routledge.
8. Berio, L. (2006) <u>Remembering the Future</u>. Cambridge, MA: Harvard University Press.
9. Chion, M. (2016) <u>Sound: An Acoulogical Treatise</u>. Translated by J.A. Steintrager. Durham, NC: Duke University Press.
10. Elam, K. (1987) <u>The Semiotics of Theatre and Drama</u>. New York: Methuen and co.
11. Pelletier, L (2006) <u>Architecture in Words-Theatre, language and the sensuous space architecture</u>. New York: Routledge.
12. Fuchs, E. (1996) <u>The Death of Character: Perspectives on Theater After Modernism</u>. Bloomington: Indiana University Press.
13. Eco, U. (1972) <u>Semiotics and the Philosophy of Language</u>. Bloomington: Indiana University Press.
14. Schechner, R. (1973) <u>Environmental Theater</u>. New York: Hawthorn Books.
15. Schechner, R. (1988<u>) Performance Theory</u>. New York: Routledge.
16. Schechner, R. (1993) <u>The Future of Ritual: Writings on Culture and Performance.</u> London: Routledge.
17. Schechner, R. (2006) <u>Performance Studies: An Introduction</u>. Second edition, New York: Routledge.
18. Turner, V. (1982) <u>From Ritual to Theatre: The Human Seriousness of Play.</u> New York: PAJ Publications.

## ملخص

يسعى هذا البحث إلى تفسير أنثروبولوجي رمزي لعرض مسرحي تم تقديمه في مدينة دهوك. يتمحور السؤال المركزي حول كيفية استخدام الرموز الأنثروبولوجية في العرض المسرحي الكوردي، في الفصل الثاني تم استكشاف وتفسير هذه الرموز ، وتوظيفها ضمن الإطار النظري، اما في الفصل الثالث فتم من خلال تحليل العينة والرموز التي تشير الى الأدوار الاجتماعية والثقافية والنفسية و كيفية توظيفها في عينة العرض، للوصول الى النتائج ومن أهمها:

١. أدوار الشخصيات في العرض تظهر كرموز تعكس مفاهيم وقيم في الثقافة الكردية.

٢. كل عنصر مرئي على المسرح يحمل معنى رمزي عميق مرتبط بالمجتمع.

٣. الأغاني والموسيقى المستخدمة في العرض تعبر عن موضوعات وجودية غالبا ما تظهر الأحاسيس والمشاعر المجتمعية أو الاضطرابات النفسية.

٤. تتناول المسرحية بنقدها المتعدد الأوجه لأوضاع الموت المختلفة كانتقاد للأعراف المجتمعية، وتسلط الضوء على العواقب المأساوية للتحديات الاجتماعية.

٥. تبرز الحوارات التوترات بين الحياة اليومية والتأثيرات السياسية، مع التأكيد على التناقضات الاجتماعية ووتأثيرات السلطة القمعية.


الكلمات الافتتاحية: السيميولوجيا- الرمز – الانثروبولوجيا- العلامة- الإشارة


## Abstract

This study endeavors to undertake a symbolic anthropological interpretation of a theatrical performance presented in the city of Duhok. The core question centers around the utilization of anthropological symbols within the theatrical performance. In the second chapter, these symbols were explored and interpreted within the theoretical framework, coupled with understanding and analyzing the social and cultural roles in the Kurdish community and how they are employed in the sample performance.

Key findings of the study include:

1. Character roles in the performance emerge as symbols reflecting specific concepts and values inherent in Kurdish culture.
2. Each visual element on stage embodies a profound symbolic meaning intertwined with societal norms and values.
3. Songs and music used in the performance articulate existential themes that often reveal societal emotions or psychological disturbances.
4. The play, through its multifaceted critique, addresses various depictions of death as a criticism of societal customs, shedding light on the tragic outcomes of social challenges.
5. Dialogues underscore tensions between everyday life and political influences, emphasizing social contradictions and the impacts of oppressive power dynamics.


Keywords: Semiotics-Symbol - Anthropology - Sign - Indicator